## ٨٠ رووداوی گرینگی مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**ئامادەکردنی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناوەندی تەشکیلاتی نهێنی**

**خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان و دێموکراسی و دادپەروەری ١٩٤٥ - ٢٠٢٥**

**لە پیناوی مافی نەتەوەیی دێموکراسی و دادپەروەریدا**

**١- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ (١٦)ی ئاگوستی (١٩٤٥ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە سەر بناخەی کۆمەڵەی ژکاف بە رێبەریی پێشەوا قازی محەممەد.**

**٢- ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب.**

**٣- ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤، هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە سەر بینای حیزبی دێموکرات لە مەهاباد**

**٤- ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤، دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کورستان، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان " کوردستان وەک کۆنترین رۆژنامەی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان ئەمساڵ ٨٠ یەمین ساڵرۆژی دەرچوونی خۆی جێژن دەگرێ.**



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ئەو ساڵە!



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

پاڵم وە لاشیپانەی دەرگا دارەکەی ژووریّ داوە. ژوور چ ژوور، وەکوو ژووری هەموو کەس، لە نێوەڕاستەکەیدا تەندوورێک و کولانکەیەکی هەیە و، لە لایەکییەوە هەرزاڵێک کە دەستەنوێنی لەسەر دانراوە و بن هەرزاڵەکەش کەلوپەلی ماڵێی تێدایە و لە گۆشەیەکیشەوە چەند فەردە ئارد لەسەر یەک دانراون. ساڵێکیان ئەو فەردە ئاردانە نەبوایەن گوللە تۆپەکە ڕێک دەهاتە ژووریّ و لەوانەبوو هەموومان بکوژیّ، بەڵام لە نێوان دیوار و فەردەئاردەکاندا گیرساوە و نەتەقی. ئەوە دوایی بۆت باس دەکەم چۆن بوو. جا زستانان هەموو ڕۆژیّ دەبیّ ئەو تەندووره نێڵ بدریّ و دوای دامرکانەوەی کورسیی لەسەر دانێن. دایکم وردە وردە بە دەوری تەندوورەکەدا دەهاتەوە و دەیگوت لێوارەکانی شکاوە، ئەمساڵ پێم نەکرا تەندوورێکی تازە دانێم. ئەو خەمی تەندوورەکەیەتی و خەمی نانکردنی زستانیّ کە لەوانەیە هەویرەکەی بەو تەندوورەوە گیر نەبیّ و هەمووی لیّ داچۆڕێتە نێو ئاگرەکە و ببێتە کۆڵوو، منیش ئەوە شانم بە لاشیپانی دەرگاکەوە ناوە و بەزمی ناسنامەم پیّ گرتوە.

- باشە کوڕم خودا گەورەیە با بابت بێتەوە پێی دەڵێم وەدووی کەویّ.
- جا کەنگیّ وەدووی دەکەویّ؟ بۆ پێت وایە کراسە بچیّ لە بازاڕ بیکڕیّ؟



سەرچاوە
Serchawe

بەشی پێنجەم

- ئەیەرۆ هێشتا نەچوویەتە خوێندن ئەو قسە زل زلانە لە کوێ دێنی؟ ئاخر زەمانە. منداڵی ئەو دەوروزەمانە دەڵێی زمانی شەیتانیان لە زاریدایە. کورە رۆڵە باشە با بابت بێتەوە.

- دەڵێم ئەی بۆچی کاکم هەیەتی؟

لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ و جاروبار دڵم دەداتەوە و جاروباریش لێم تووڕە دەبێ بەشکم لەکۆڵ خۆیم بکاتەوە. دەڵێ وەرە پووڵت دەمێ بچۆ لە دووکان بۆخۆت شت بکڕە.

- نامەوێ، پووڵم ناوێ. منداڵی خەڵک هەموو لە مەدرەسەن، ئەمن نەبێ. خانم دەڵێ شناسنامەت نیە ناتوانین ناوت بنووسین و ڕاتگرین.

باشە کورم، بۆخۆم دێم قسە لەگەڵ مونیرە خانم دەکەم، پێی دەڵێم ڕێگەت بدا لەگەڵ منداڵەکان دانیشی.

بەو قسەیە تۆزێک ئەهۆن دەبمەوە. مونیرە خانم دایکمی زۆر خۆش دەوێ. چوار خانمە مامۆستان لە مەهابادەوە هاتوون. شەوانی چوارشەممە دەعوەتی ماڵی ئێمەن. ئاخر چوارشەممۆیان بابم دەچێتە بازاڕی میاندواو و گۆشت دەکڕێ و دایکم شۆرباو کفتە لێ دەنێ. قسەی بابمیان زۆر پێ خۆشە. قاقا دەکێشن. بە دایکم دەڵێن دەستاوت زۆر خۆشە. بابم دەڵێ ماچیشی خۆشە. دایکم سوور هەڵدەگەڕێ و دەڵێ ئەیرۆ بایز بۆ هەرچی بێتە سەر زارت نایگێڕییەوە. ئەوانیش قاقا پێ دەکەنن. دایکم هەڵدەستێ بە بیانووی شتێکەوە دەڕوا و تاوێکی دی دێتەوە.

گوتم مونیرە خانمیش ڕێگەم بدا، دوایی ناهێڵن ئیمتیحان بدەم و دەڵێ دەبێ ناوت بنووسرێ.

دەڵێ هەتا وەختی ئیمتیحان بابت شناسنامەکەت بۆ وەردەگرێ. پێی دەڵێم لەگەڵ میرزا ئەحمەد بچێ لە کەلبەڕەزاخان بۆت وەرگرێ. دەڵێن لەوێ دەیدەن.

بە بیستنی ناوی کەلبەڕەزاخان، ترسێک دامدەگرێ. ئاخر پایەگای کەلبەڕەزاخان تەنیا پاسداری لێیە و ئەوانیش هەر کەس ببینن دەیکوژن. جاران مەقەڕی پێشمەرگە لێ بوو. نازانم چ ساڵێک بوو عەولای برام ساوا بوو. نەخۆش بوو بردمان لەوێ لە بەشی تەندروستییەکەی دەرزییان لێ دا. بۆنی دەرمان زۆر ناخۆش بوو، بەڵام پێشمەرگەکان دەهاتن و دەچوون ئاغابانوویان لەسەر بوو. پێشمەرگەیەک بابمی دەناسی. دەستی لە گیرفانی نا، لوێچێک مێوژەڕەشەی دەرهێنا و پێی گوتم کۆشت بگرەوە. مێوژەکە زۆر خۆش بوو. بۆخۆشمان مێوژمان هەبوو، بەڵام ئەوەی ئەو زۆر خۆش بوو. لەو ڕۆژەوە هەر جارێکی تەقە دەبوو، دەمگوت خوایە پێشمەرگەی مێوژەکە هیچی لێ نەیە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

ئێستا ئیدی ئەو شوێنە بنکەی پاسدارانە و خەڵک دەبەن لەوێ دەیانکوژن و دایکیشم دەڵێ دەبێ ناوی من لەوێ بنووسرێ ناسنامەم بدەنێ. ترسێک هەموو گیانم دادەگرێ. ناسنامەی من لەوێ بدرێ؟ ئاخر حەفتەی پێشتوو محەممەدی عەلی تەها و مەحموودی قادرۆکەیان لەوێ کوشتبوو. کاک محەممەدم جوان لەبیرە. پیاوێکی ڕەشتاڵەی ڕەقەڵە بوو. ئەسپ و داشقەی هەبوو و جاروبار بابم دەیهێنا حەوز و شۆرکە و شتی پێ دروست دەکرد. ڕوخساری دادە حوسنیی دایکی کاک محەممەدیشم هەر لە بەر چاوە، کە لاڕوومەتی خۆی ڕنیبوو، خۆی ڕادەژاند و هۆن هۆن فرمێسکی لە چاو دەهاتنە خوار و زوو زوو بە لۆی چارەکەشانەی لووتی دەسرییەوە و جار نە جارێکیش لە پڕ لە هەر دوو ڕانی خۆی ڕادەکێشا و دەیگوت ئەی ڕۆۆۆۆ ئەی ڕۆۆۆۆ محەممەد گیان، کۆزی ساوات بۆ کێ بەجێ هێشتوە؟ بە قوربانی کۆزی ساوات بم. زۆری نەبرد دادە حوسنییش مرد. گوتیان لە سوێی کاک محەممەد دڵی تۆقیوە. ئەو کاتە دادە عیسمەتی خێزانی کاک محەممەد دووگیان بوو. بە دەردی دایکم دەیگوت کۆشێک منداڵی هەبوو. کۆشێک یانی چەند؟ ئەو سێی هەبوو. هاشم و حامید و پیرۆز. هاشم گەورە بوو و بۆ بابی دەگریا. حامید تاسابوو. پیرۆز منداڵێکی زەردەڵەی قژکاڵ هێشتا نەیدەزانی چ قەوماوە. منداڵی پاشەبەرە کە ئێستا ئیدی پیاوێکە، ناوی نرا ڕێبوار. کاک محەممەد زۆر لە دایکی دەچوو. کاک محەممەد و کاک مەحموود و چەند کەسێک بەهارێ خەریکی ئاوداشتنێ دەبن کە پاسدار بەو دەشتە وەردەبن و ڕەشبگیر هەرچی تووشیان دەبێ دەیانگرن و دەیانبەنە پایەگای کەلبەڕەزاخان.

بابم هەموو جارێ دەیگێڕاوە و دەیگوت: کابرایەک گێڕایەوە گوتی، ئەو ڕۆژەی محەممەد و مەحموود کوژران منیش گیرابووم، بە حوکمی ئەو خوایە منیان نەکوشت. کە گرتیانم یەکسەر چاویان بەستم و بردیانم، خۆ نەمزانی بۆ کوێم دەبەن. لە ژوورێکیان کردم دیار بوو چەند کەسێکی دیکەشی لێ بوون. ئەمن محەممەد و مەحموودم بە دەنگیانڕا ناسییەوە، گوتم محەممەد ئێوەیان لە کوێ گرت؟ گوتی لەگەڵ مەحموود ئاوان دەداشت. یەکێکیان نەمزانی کێیە گوتی دەمانکوژن. محەممەد گوتی پەنا بە خوا. ئەی منداڵەکانمان؟ خۆزگەم بە خۆت هێشتا منداڵت نیە. هاشم دوو ڕۆژە داوای کراس دەکا گوتم چوارشەممە لە بازاڕ بۆت دەکڕم. مەحموود هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی دەمانتوانی هەڵێین ماڵت نەشێوێ محەممەد. گوتم وەرە لەگەڵ کاک بایز و کاک کەریم خۆمان بە چۆمەکەدا بدەین و بپەڕینەوە بەری ساروقامیش.

ئەوان کە پاسدارەکانیان دیتبوو، زانیبوویان نابێ ڕاوەستن. ماوەیەک بوو تووشی هەر کەس دەبوون دەیانکوشت. لێپرسین و شتی وا نەبوو. لە هەر جێیەک لە شەڕی پێشمەرگە دەشکان، لە گەڕانەوەدا خەڵکیان دەکوشت. بۆیە یەکسەر بەرەو چۆمەکە هەڵاتبوون و پاسدار سەریان لە دوو نابوون. ئەوان خۆیان بە چۆمەکەدا دابوو و پاسدار تەقەیان لێ کردبوون. بابم گوتی هەر بە قودرەتی خودا نەیانئەنگاوتین و ترس وای کرد لەو چۆمە بەخوڕ و قووڵە بپەڕینەوە. بابم گوتی وەڵڵا پێم گوت گوتم محەممەد دەمانکوژن دەبێ هەڵێین، محەممەد گوتی جا چمان کردوە بایز؟ ئەوەتا من خەریکی ئاوداشتنم بۆ دەبێ

بمکوژن؟ ئیدی پاسدارەکان خەریک بوون دەگەیشتنێ و کاتم نەبوو لەوە زیاتر قسەی لەگەڵ بکەم دەبوو هەڵێم. خەڵکەکەی دیکەش دوور کەوتبوونەوە. خەمی پەرویزی حوسێنی حاجی بەنگینم بوو، منداڵ بوو گوتم لەو چۆمەدا دەخنکێ، کەچی پێش هەموومان ئەو پەڕیبەوە.

کاک مەحموود گوتبووی محەممەد خەتای تۆ بوو. نەتهێشت منیش هەڵێم. بەخوای هەمووومان....

گوتی: لەو کاتەدا دەرگا کرایەوە و نەیانهێشت مەحموود قسەکانی تەواو بکا. ئەو و محەممەدیان بردە دەرێ. لە دەرێ دەنگی هاوار و ناڵەناڵیان دەهات. زانیم لێیان دەدەن. تاوێک بوو هەر دەنگی پاسدارەکان دەهات و هیچی دی. ئەوجار دەنگی تەقەی تفەنگ هات. سڕ بووم. گیانم لەبەردا نەما. زانیم تەقەیان لەوان کردوە. دەنگی دەرگا کرایەوە و هەمووومانیان وەپێش خۆیان دا. نەمدەزانی بەرەو کوێمان دەبەن. زرمەیەک لە پشتم هات، دەتگوت کێوێکم بەسەردا ڕووخا. نازانم بە چی لێیان دام. بەرەو دەم کەوتم. هەڵیانستاندمەوە. ئەوانی دیکەش هاوار هاواریان بوو. دەنگەدەنگی پاسدارەکان جار بە جار بەرزتر و گرژتر دەبوو. یەکێکیان دەیگوت با سەریان ببڕین. ئەوی دی دەیگوت یەکی یەک گوللەیان بەسە. بە دیوارێکیانەوە ناین. چاومان هەر بەسترابوو. ئەژنۆم شل بوون. دەنگی چەکەکانیان هات کە خستیاننە سەر پێ. چاوەڕێ بووم بزانم چۆن و لە کوێم دەدرێ. سەرم؟ سینگم؟ دایکم هاتە پێش چاوم، خۆی دەرنی و لە خۆی دەدا و خۆڵی وەسەر خۆی دەکرد. لەو دەمەدا دەنگێک بە تورکی گوتی دەست ڕاگرن. بوو بە هەرا. ئەو دەیگوت بۆچی دەیانکوژن؟ من ئەوانە دەناسم. خەڵکی ماڵوێرانی ئەو دێهاتانەن. سەد جار لە ماڵیان نانم خواردوە. چۆن دڵتان دێ؟ ئەوانەتان بۆ کوشتوە؟ ئەوانە؟ یانی محەممەد و مەحموودیان کوشتبوو؟ ئێمەش دەکوژن؟ بڵێی بە قسەی بکەن و نەمانکوژن؟ دەنگەکان خاو بوونەوە. دەستێک پەڕۆی چاوی کردینەوە. بەرچاوم تاریک بوو. تاوێک هیچم نەدەدی. وردە وردە کە بەرچاوم ڕوون بۆوە، دیتم مەحموود و محەممەد لەو لاوە کەوتوون و خوێنێکی زۆریان لەبەر ڕۆیشتوە. بە تەور لە سەریان دابوون و بە گوللەش. نازانم لە پێشدا بە کامیان. مەشەدی غوڵام بەسەریانەوە ڕاوەستابوو و هەر لە ئەژنۆی خۆی دەدا و جنێوی بەو پاسدارە ڕیشنە دەدا کە لەولاوە نێوچاوانی غەزەبی لێ دەباری. مەشەدی غوڵام بوو نەیهێشێت ئێمە بکوژن.

دایکم دەیگوت حەک کوێر بم بۆ عیسمەت، بە سەری شلکی لێی قەوما. بە کۆشێک منداڵەوە. جا دایکم کە وای دەگوت چاوێکی لە بابم دەکرد، هەستم دەکرد دەڵێ خوایە شکوور هێشتا سێبەریمان بەسەرەوە ماوە. ئاخر ئەو ساڵانە هەر ڕۆژە و هەواڵی کوژرانی یەکێک دەبیسترا. پاسدار لە سەر هیچ و خۆڕایی خەڵکیان دەکوشتن. کەچی دایکم بۆخۆشی هەر بە سەری شلکی لێی قەوما. هێشتا سەری کوڵمەکانی سوور سوور بوون کە بابم مرد. ئەودەم من چەند ساڵێک بوو ناسنامەم وەرگرتبوو و دەرسم دەخوێند. چواری سەرەتایی بووم. تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بوو. یانی چوار ساڵ بوو سجیلم هەبوو. دەمێک

## بەشی پێنجەم

بوو ئیدی خانمە مامۆستاکان جلوبەرگی کوردییان لەبەر نەدەکرد. ئێستا مانتۆیان لەبەر دەکرد و کۆچکەیان لەسەر دەکرد، بەڵام هەر وا میهرەبان بوون، ئەوەندەیە وەکوو ساڵی یەکەم و دووەم داوای سروود و گۆرانییان لە منداڵەکان نەدەکرد. لە پێشدا وا نەبوو. ئەو ساڵەی من چوومە مەدرەسە و دوایی ناردیانمەوە هێشتا کتێب نەدرابوو بە منداڵان، خانمە مامۆستاکان دەیانگوت کێ دەنگی خۆشە بێ گۆرانی بڵێ. جا ئی وا بوو پێی خۆش بوو بچێ و شەرمیشی دەکرد. هاوڕێی پەنا دەستی، دەستی بەرز دەکردەوە و دەیگوت خانم ئەوە دەنگی خۆشە. با بێ. ئیدی دوای چەند رۆژێک من دەر کرام. نیوەڕۆیەک بابم هاتەوە ژوورێ و گوتی هەستە وەرە. چوومە دەرێ، دوو پاسدار لە ماشێنێک دابەزین، جلوبەرگەکانیان خاڵ خاڵ بوو، ریشێکی درێژ و شەپکەیەک لەسەر. میرزا ئەحمەدیش کە شوڕای گوند بوو، لەوێ بوو. هێندێ پرسیاریان لە بابم کرد، دیاربوو بابم زۆر بە ڕوونی جوابی نەدانەوە بۆیە میرزا ئەحمەد هاتە بەر دەرگا و بانگی دایکمی کرد:

- ڕووحیزاد
- بەڵێ مام میرزا.
- حەمەڕەسووڵ چ ساڵێک لە دایک بووە؟
- کاکە میرزا گیان ئەوە دەبێتە حەوت پاییز. بەڵام دووەم مانگی هاوین بوو، سێ چوار ڕۆژێک لە گەلاوێژ تێپەڕیبوو. ئەوێ ساڵێ من نەمتوانی بچمە دەشتێ.
- زۆر باشە. تەواو.

هاتەوە و پاسدارەکان هێندێ شتیان نووسی و سەیرێکی منیان کرد و ڕۆیشتن. من سەیری تفەنگەکانیانم کرد گوتم تۆ بڵێی ئەوانە کامیان کاک محەممەد و کاک مەحموودیان کوشتبێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی خەرمانانی ٢٧١٣



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانێکی ئازاد و لەنێو ئاپۆڕای لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتدا ئەم ڕۆژە مێژووییە جەژن بگرین.

یەکەم هۆکار دەگەڕێتەوە سەر خودی پرسی کورد کە بەداخەوە هەتا ئێستا بە حەلنەکراوی ماوەتەوە و حیزبی دێموکراتیش دامەزران و خەباتی خۆی لەم پێناوەدا پێناسە کردوە و ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش گیانی و ژیانی خۆی هەر لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورد داناوە. لەلایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی ئیدئۆلۆژیک یان تایبەت بە چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردەواری نیە، بە زمانێکی دیکە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەو حیزبەدا بەشدارن و خاوەنی خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکراتن.

هۆکاری سێهەم بە باوەڕی من دەگەڕێتەوە سەر ڕێباز و سیاسەتی دروستی حیزبی دێموکرات کە لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا گرتوویەتە بەر. بەهۆی خەڵکی بوونی سیاسەتەکان و ڕوانگەی سیاسی ئەم حیزبە، پێشوازییەکی بێ وێنەی لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە لێکراوە.

وەک هۆکاری چوارەم، دەتوانم بە ڕۆڵ و کەسایەتی و زانایی چەند ڕێبەری بلیمەتی وەک پێشەوا قازی محەممەد وەک دامەزرێنەری حیزب، دکتور قاسملوو وەک ساغکەرەوەی حیزب و دکتور سادقی شەرەفکەندی وەک ڕێبەریی قۆناغێکی سەخت و دژوار، ئاماژە پێ بکەم کە لە دامەزران و ڕێبەریی و بەڕێوەبەریی حیزب و سیاسەتەکانیدا توانیان متمانەی خەڵک بە دەست بێنن و حیزبی دێموکرات لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا خۆشەویستتر بکەن.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوویی خەباتی کوردستان، لە قوربانیدان و گیانفیداییدا هەمیشە پشکی شێری بەرکەوتووە؟

**کاوە ناهەنگەری**: لەبەر ئەوەیکە بە جەماوەرترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و هەروەها هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیش بەهۆی سیاسەتی دروستی ئەم حیزبەوە توانیویانە خۆیانی تێیدا ببیننەوە و لەگەڵی کەوتوونە. و ئەوە بە مانای جۆرێک "نوێنەرایەتیی ناڕاستەخۆ"ی حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندایە. و هەروەها پێمخۆشە لێرەدا ئاماژە بەو پەندی پێشینیانە بکەم کە دەڵێ: "هەر کەس سەربانی زیاتری هەبێ، بەفری زیاتری وەبەر دەکەوێ" بۆیە ئەو پشکەش بە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک واتا "حیزبی دێموکرات" دەبڕدرێ.

**شەهرام سوبحانی**: حیزبی دێموکرات، حیزبێکی شۆڕشگێڕ یا ڕیفۆرمخوازە؟

## بەشی پێنجەم

**کاوە ناهەنگەری**: بە باوەڕی من هەر دووکیان. بەڵام ئیزنم بدە با ڕوونی بکەمەوە. شۆڕش واتە بەرخۆدان و مقاومەت لەهەمبەر زۆر و خوو و خدەی داگیرکەرانە و ستەم و هەڵاواردن. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئایا حیزبی دێموکرات لەم بوارەدا کۆتایی کردوە؟ ناکرێ بە حیزبێک کە بەرنامە و مەرامی سیاسیی، دژ بە پێکهاتە و مەرامی سیاسی حکوومەتی زاڵە، و زیاتر لە شەش هەزار شەهیدی داوە و ٤٧ساڵە بە دژی کۆماری سێدارەدا شەڕ و خەبات دەکات، نەڵێین شۆڕشگێر، لە لایەکی دیکەوە چونکە حیزبی دێموکرات ڕەگی پراگماتیسمی سیاسی تێدایە و لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرێ و تەنانەت "وتووێژ" وەک مکانیزمێکی خەبات بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی نەتەوەی کورد پێناسە دەکات، پێموایە کە لایەنی ڕیفۆرمخوازیشی تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام ئەم ڕیفۆڕمخوازییە زۆر جیاوازە لە ڕیفۆڕمخوازی حکوومەتی کە لە ئێراندا باوە و ئێمە دەیناسین. بۆ نموونە: شەهید دکتور قاسملوو ئەگەرچی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی تاران دانیشتن و وتووێژی کرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد و بڕوا و پرەنسیپی حیزبی کە هەزاران گیانی بۆ بەخت کرابوو، پاشەکشەی نەکرد. بۆیە من دەتوانم شەهیدی سەرکردە قاسملوو وەک ڕیفۆڕمخوازێکی شۆڕشگێر پێناسە بکەم. یان ئەوەی کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕێبەری ناودار کورد پێیوابوو کە ڕۆژێکیش شەڕ وە درەنگی بکەوێ بە قازانجی کوردە. بۆیە بە باوەڕی من، دەکرێ لە ڕووی تەکنیکی سیاسییەوە ڕیفۆڕمخواز بێ، بەڵام لە ڕووی ستراتێژی و ڕەوشتی سیاسییەوە شۆڕشگێر بمێنێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دەسکەوتەکان زۆرن، کە بەشێکیان بریتین لە: ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان، پلۆرالیزمی سیاسی و ئایینی و...هتد.

**کاوە ناهەنگەری**: بەڵام بێجگە لە ئەوانە و بەگەڕانەوە بە تەمەنێکی هەشتا ساڵە، بە باوەڕی من خەباتێکی بێوچان و ڕاگرتنی پرێستیژی سیاسی کورد و ناساندنی پرسی کورد لە ڕێگای حیزبی دێموکراتەوە بە جیهان، هەروەها بەرەوپێشبردنی لابیگەری بۆ پرسی کورد لە ئورووپا و بە ڕێکخستنکردنی دینامیزمی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە بەرانبەر بە هەموو ئەو پیلانانەی کە لەلایەن ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا و هەندێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەڕێوە دەچن، وایکردووە کە بە حەق حیزبی دێموکرات وەک سەنگەرێکی خۆڕاگر لێ بێ و ببێتە شوێنێکی بە شکۆ بۆ ئەوانەی عەوداڵی ئازادی و خەبات بۆ خاک و گەلن. بۆیە پێموایە ئەم دەسکەوتانە زۆر گرینگن و جێی خۆیەتی ئاماژەیان پێ بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: پێوەندییدار بە پرسیاری پێشوو، ڕۆڵی ئەو دەسکەوتانە وەک ڕێچکەیەک بۆ خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆن هەڵدەسەگێنن؟

## بەشی پێنجەم

**کاوە ئاهەنگەری**: لە ڕاستیدا یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کوردستانی، حیزبی دێموکراتە و بە زمانێکی دیکە مۆدێڕنیزاسیۆنی سیاسەتی کوردی، بۆخۆی وێژمانێکە کە توانیویەتی لەسەر پارچەکانی دیکە شوێندانەر بێ. بۆ نموونە و بە تایبەتی شوێندانەری حیزبی دێموکرات لە سەر باشووری کوردستان. یان ئەوەیکە پێشەوا قازی، وەک پێشەوای هەموو کوردان و هەموو پارچەیەک دەناسرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی خەرمانانی ٢٧٢٥






سەرچاوە
Serchawe

بەڵام لەوانە مامۆستایان، خوێندکاران، لاوان و ژنان زیاتر لەژێر هەڕەشە و مەترسیدا بوون. لەم پێوەندییەدا مامۆستایانی زمانی کوردیش تووشی دەسبەسەرکردن و زیندانیکردن بوونەوە. ئەو مامۆستانەی کە بە هۆی حوکمی ناعادڵانەی ڕێژیمی ئێران ڕەوانەی زیندان کراون و یان بانگهێشتی ناوەندە ئەمنییەتییەکان کران، ئەو کەسانە بوون کە خۆبەخشانە لە پێناو گەشەکردنی زمان و چاندی کوردی و یان پێگەیاندنی کچان و کوڕان بەپێی زانستی ستاندارد و سەردەمیانە ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتییان ڕادەپەڕاند، کە نموونەی بەرچاویان، زیندانیکردنی مامۆستا سروە پوورمحەممەدی، یەکێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی لە سنە بوو.

هەر لەم ساڵدا، ڕێوڕەسمی نەورۆزی خاکیپۆشان، لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات، وەکوو مەیدانێکی بەرخۆدان و بانگەوازی ئاشتی و ئازادی خۆی نواند. ڕۆڵی ژنان و لاوان لەو ڕێوڕەسمانەدا دەربڕینێکی نوێ بوو لە شوناسخوازی و نیشتمانپەروەری؛ ژن و لاوان کە لە نێویاندا خوێندکارانیش بەدی دەکران بە دەور و دەنگی بەرزیان، نەورۆزیان کردە هێما و سەمبۆلی خەبات بەدژی تاریکپەرەستی.

هەر لەم ساڵەدا شەڕی دوازدە ڕۆژە و هێرشی لەناکاوی ئیسرائیل بۆسەر ئێران و کوشتنی دەیان فەرماندەی پلە بەرزی نیزامی و زانایانی ئەتۆمی لە ئێران یەکێک لەو ڕووداوانە بوو کە پەیامی گۆڕان و وێنەی ڕاستەقینە و پۆشاڵینی لە هەمیشە زیاتری کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی کورد و ئێران پیشان دا.

هەروەها یەکێک لە تاڵترین ڕووداوەکانی ئەمساڵ شەهیدبوونی سێ ژینگەپارێز لە ئاویەری سنە و پێشکەشکردنی گیانیان بۆ پاراستنی خاک و ئاو و ژینگەی وڵات بوو، کە لە مەراسمی بەخاکسپاردنی ئەم شەهیدانە خەڵکی کوردستان پەیامی تووڕەیی و ڕقی پیرۆزی خۆیان بە گوێی ڕێژیم و باڵی نیزامی ئەم ڕێژیمە (سپای پاسداران) گەیاند و بیرۆکەی "سەربەستی" و "پاراستنی ژینگە" لەم جووڵە شارستانییە یەکی گرت. گیانفیدایی ئەم ژینگەپارێزانە و خاوەنداریەتیی خەڵک لە ڕۆڵەکانیان باس لەوە دەکات کە خەباتی کوردستان تەنیا خەباتی سیاسی نییە، بەڵکوو خەباتی شارستانی و جەماوەریی و بەرزکردنی بەرپرسایەتی لە هەموو بەشەکانی ژیانە.

٨٠ ساڵ پێش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە شێوازێکی مودێرن و دێموکراتیک بزووتنەوەی نیشتمانی دامەزراند، ئەمڕۆش بە پشتبەستن بە ئەزموون و خوێنی هەزاران شەهید، هێشتا شوێندانەرترین ڕەوتی خەباتی کوردایەتی و فاکتەری سەرەکیی بەستێنی لەباری هوشیاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشەنگی خەباتی فرەڕەهەندی نەتەوەی کوردە .

## بەشی پێنجەم

ئـێمە وەکـوو یەکیەتییەکـانی خوێنـدکاران، ژنــان و لاوانــی دێـموکرات، لەســەر ئەم ڕێچـکە و ڕێبــازە کە هەم مـودێڕن و خۆگـونجێنە لەگەڵ پێشـکەوتنەکانی سـەردەم و هەم لەســەر دادپەروەری و یەکســانیی ژن و پیــاو و هەروەهــا پرنســیپە دێموکراتیکەکان پێداگرە، بەردەوام دەبین و وەفادار دەمێنینەوە.

**پیرۆز بێت ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**سەرکەوتوو بێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد!**

**یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکرات**

**٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥ی کوردی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

بەشی پێنجەم

لە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان، فراکسیۆنەکان و ئاڕاستەکردنەوەی ئایدیۆلۆژی؛ لە لایەکی دیکەوە ڕەنگدانەوەی پێگەی گەلی کوردە لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا. لە ماوەی هەشتا ساڵدا، حزبەکە بە دیمەنێکی ئاڵۆزی دەسەڵاتدا ڕۆیشتووە، لە گۆڕانکارییە سیاسییە دراماتیکییەکان ڕزگاری بووە و لەگەڵ گۆڕانی واقیعە جیۆپۆلەتیکییەکاندا خۆی گونجاندووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاڵنگارییانە، پەرەسەندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ڕۆشنایی مێژووی سیاسی ئێران، لە چوارچێوەی گۆڕانی سیاسی ئێراندا باس دەکەین.



پاشخانی مێژوویی" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥، لە سەردەمی هەڵچوونی جیهانی دوای جەنگی جیهانی دووەم و زیادبوونی بەرژەوەندی نێودەوڵەتی بۆ چارەنووسی نەتەوەیی دامەزرا. ئەو حیزبە لە چوارچێوەیەکدا لەدایک بووە. هەر لەو ماوەیەدا بوو کە کۆماری کوردستان(١٩٤٦) دامەزرا ، ئەزموونێکی کورتخایەن بەڵام لە ڕووی ڕەمزییەوە گرنگە لە خۆبەڕێوەبەری کوردیدا ، کە تیایدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، یەکەم ڕۆڵی ناوەندی بینی.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، قۆناغێکی دوورودرێژی سەرکوت لە دژی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد دەستی پێکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆرجار ناچار دەکرا بە ژێر زەمینی یان لە دەربەدەریدا چالاکی بکات. ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٧٩ و سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی سەرەتا بۆشاییەکی سیاسیی دروست کرد کە بزووتنەوە کورد هەوڵیان دا بیقۆزنەوە. بەڵام ڕژێمی نوێ سەلماندی کە بە هەمان شێوەی ڕێژیمی پێش خۆی ناوەندگەرایی و

سەرکوتگەرە بەرامبەر بە کورد.

## ستراتیژییەکانی مانەوەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

مانەوەی هەشتا ساڵ لە ژینگەیەکی سیاسی سەرکوتکەردا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی و ناوچەیی شتێکی نائاساییە. مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سێ هۆکاری سەرەکی دەتوانرێ ڕوون بکرێتەوە:

### شەرعیەتی مێژوویی:

ڕۆڵی ئەو حیزبە لە کۆماری کوردستان و خەباتی درێژخایەنی بۆ خودموختاری کورد پێگەیەکی ڕەمزی بەهێزی لە نێو کورد لە ئێراندا پێبەخشیوە. بەردەوامی مێژوویی هەستکردن بە دەسەڵاتی ئەخلاقی دروست کردووە.

### هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیی نەرم و نیان:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژایی ساڵان، ڕیتۆریکی سیاسی خۆی لەگەڵ واقیعە جیۆپۆلەتیکی و سیاسییە ناوخۆییەکان گونجاندووە. لە کاریگەرییەکانی مارکسیستی لە سەردەمی شەڕی ساردەوە بۆ پلاتفۆرمە پراگماتیک لەم ساڵانەی دواییدا.

### ڕۆڵی ڕەوەند کورد لە دەرەوەی وڵات:

پێکهاتە کوردلە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە ئەورووپا، لە پاراستنی لۆبی سیاسی و بڵاوکردنەوەی زانیاری و پاڵپشتی داراییدا گرینگ و چارەنووسساز بوون.

### حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمەنی جیۆپۆلەتیکی ئەمڕۆدا

ئێران ئەمڕۆ ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی هاوکات دەبێتەوە ، دابەزینی ئابووری، ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی، نائارامی نەتەوەیی و فشاری نێودەوڵەتی.

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەمە دەرفەتێکی دەخاتە ڕوو. ئەگەر ئەو حیزبە بتوانێت ئەجێندایەکی سیاسی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی پێنجەم

مۆدێرن و گشتگیر دابڕێژێت و هاوپەیمانییەکانی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن پتەوتر بکات ولە پشتیوانی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ستراتیژی کەڵک وەربگرێت، دەتوانێت ببێتە یاریزانێکی ناوەندی لە داڕشتنی نەزمێکی سیاسی داهاتوو لە ئێراندا.

### بەردەوامی مێژوویی و نوێبوونەوەی ستراتیژی:

گەورەترین هێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەرعیەتی مێژوویی و ڕەگ و ڕیشە قووڵەکانی لە ناسنامەی کوردایەتیدایە. بەڵام داهاتوو زیاتر لە دەسەڵاتی ڕەمزیی دەوێت. حیزب دەبێ بە واقیعێکی سیاسی نوێدا بڕوات کە بە جیهانگیری و کاریگەریی سۆشیال میدیا و دژایەتییەکی تادێت پارچەپارچەبوونی ڕژێمی تاران تایبەتمەندە.

سێ ئەولەویەتی ستراتیژی وەک ناوەندی سەرهەڵدەدەن:

- **داهێنانی سیاسی؛** پەرەپێدانی فۆرمی نوێی نوێنەرایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەرنجی گەنجانی کورد.

- **بنیاتنانی هاوپەیمانی؛** دروستکردنی هاوپەیمانی فراوانتر، چ لە چوارچێوەی کایەی سیاسی کورد و چ لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی دیکە لە ئێراندا.

- **دیپلۆماسی نێودەوڵەتی؛** بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتەکانی ڕۆژئاوا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تۆڕەکانی مافی مرۆڤ.

یادی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنیا ئاهەنگێک نییە بۆ مێژوو، ساتێکی ستراتیژییە بۆ پێناسەکردنی داهاتوو. توانای حیزب بۆ تێکەڵکردنی شەرعیەتی مێژوویی خۆی لەگەڵ ستراتیژییەکی مۆدێرن، گشتگیر و واقیعی، ڕۆڵی ئەو حیزبە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکەدا دیاری دەکات کە درەنگ یان زوولە داهاتووی ئێران.


**ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگاریەکان سەرکەوتوو بێت، لە تێکەڵکردنی شەرعیەتی مێژوویی خۆی لەگەڵ ستراتیژێکی مۆدێرن و واقیعی، ئەو حیزبە دەتوانێت ببێتە یاریزانێکی ناوەندی لە داڕشتنی دیمەنی سیاسی داهاتووی ئێران.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

# لە یادی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا



خالید حەسەن پوور

حەق وایە دوای هەشت دەیەلە تێکۆشانی ئەو حیزبە، ئاوڕێک لە هۆکارەکانی نفووز و پێگەی جەماوەری ئەو حیزبە بدەینەوە . ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی حیزبی دێموکڕات، بەبێ وەبەر چاوو گرتنی ڕاستییەکان و هەروها رەخنە و کەمایسییەکان، ئەو دەرس و ئەزموونەی کە پێویستە بۆ داهاتووی دێموکڕات لێی دەرکێشین، لێی دەرناکێشرێ . بۆیە هەوڵدەدەم بەکورتیشبێ لە سێ قۆناغدا لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکان ڕاوەستەیێک بکەم .

## قۆناغی یەکەم

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە ساڵی ١٣٢١ لە هەتاوییدا و پاشان سێ ساڵ دواتر دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بێجگە لەویکە ئەو دوو ڕووداوە وڵامێک بوو بە نیزیکەی دوو دەیبە زەبروزەنگ، ئاسمیلاسیوونی زمانی و کەلتووری ڕەزاخان، دوو ڕووداوی مێژووکردیش بوون و وڵامێکیش بوون بە زەمان . هەم کۆمەڵەی ژێکاف و هەم حیزبی دێموکڕات لە هەناووی میلەتی کورددا لەدایک بوون . پاشان دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ی هەتاوی، بە دەستی پێشەوا و سوارکردنی ئەو کۆمارە لەسەر سترۆکتۆری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، هەم مێژوویێکی پڕشەنگداری بۆ ئەو حیزبە تۆمار کرد و هەم بەردێکی سیمبۆلیکی لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، کردە بنچینەی مێژووی خوێناوی و

## بەشی پێنجەم

دوورودرێژی کورد لەو سەدەیەدا . لەو قۆناغەدا گەلی کورد، حیزبی دێموکڕات و پێشەوا قازی محەممەدی بەرعۆهدەی بەرپرسایەتێکی مێژوویی کردبۆوە کە، ئەویش ئەوە بوو; برامبەر بە سیاسەتی یەکسان سازی زمانی و نەتەوەیی ڕەزاخان هەڵوێست بگرێ و تەعبیر لە خۆی، زمان، کەلتوور و مان و مەوجوودیەتی خۆی بکا . بۆیە دەکرێ بڵێین لەو قۆناغەدا حەرەکەتی مێژوویی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد وەها تێکەڵ بەیەک دەبن کە، مرۆڤ نازانی لە کوێرا مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە و لە کوێشرا مێژووی گەلی کوردە . بە واتایکی دیکە; گەل حیزبە و حیزبیش گەلە!

### قۆناغی دوهەم

دوای ئەوەی ڕێژیمی حەمەرەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دەڕووخێ و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرا دەست پێدەکا، ئەو حیزبە چیدیکە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا وەک ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی حیزبێکی تاقانە نییە، بەڵکوو چەند ڕێکخراوی سیاسی دیکەش سەرهەڵدەدەن کە، بەشێک لەوان تەنانەت خۆییان بە ئاڵترناتیووی ئەو حیزبەش دەزانن! بەڵام ئەو جاریش دەگەڵ ئەوەی کێبەرکێی سیاسی لە برامبەر خۆییدا دەبینێ وگۆڕەپانە سیاسییەکە هاڵۆزە، کەچی ئەسپی خۆی لینگ دەدا و دەبێتەوە بە سوارچاکی مەیدانەکە . پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دوو هۆکاری سەرەکی دەبنە هۆی ئەویکە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ببێتە خاوەن پێگەیکی جەماوەری گەورە . یەکەم; پشتبەستنی ئەو حیزبە بە ڕابردووی پڕ لەشانازی خۆی . دوهەم، ڕەچاوو کردنی سیاستێکی درووست و ئووسوولی واقعبینانە کە، ئەوە ببوە هۆی ئەویکە زۆربەی نیزیک بەتەواوی چین و توویژەکانی گەلی کورد پشتیوانی لێبکەن . بێجگە لەو دوو هۆکارە سەرەکییە، دوو هۆکاری یارمەتیدەری دیکەش هەبوون کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران کاریگەرییان لەسەر پێگەی جەماوەری حیزبی دێموکڕات هەبوو . یەکەمییان سیاسەتگووزاری لێهاتوانە و دووربینانەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات و لە پێش هەمووشیانەوە دوکتوور قاسملووی نەمر بوو . دووهەم هۆکاری یارمەتیدەری بۆ پێگەی بەرینی جەماوەری حیزب، هەبوونی ژوومارەیێک سەرکردەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی حیزب، کە هەر کام لەوان پەیوەندیکی بەرینی جەماوەرییان دەگەڵ چین و توویژەکانی هەراوی کۆمەڵگای کوردستان هەبوو کە، ئەوانیش بریتی بوون لە دوکتوور قاسملوو، دوکتوور شەرەفکەندی، عەبدوڵای حەسەنزادە، کەریمی حیسامی، جەلیل گادانی، حەسەن ڕەستگار، هاشم کەریمی، حەسەن شیوەسەڵی، سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، سنار مامەدی، نەبی قادری ....هتد و هەروها ژمارێک لە تێکۆشەرانی ڕێبەری کە ساڵها لە بەندیخانەکانی شای ئێراندا سەربەرزانە ڕاوەستابوون . دەگەڵ ئەوەی ڕابردووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەورێکی گرینگی بۆ پێگەی جەماوەری و نفووزی ئەو حیزبە هەبوو و هەیە، بەڵام ئەگەر سیاسەتگووزاری ڕاست و درووست، واقعبینانە و هۆشمەندانەی ڕێبەرایەتی حیزب وەک فاکتەرێکی مەیدانی نەباییە، ڕەنگبوو دەور و کاریگەری حیزبی دێموکڕات بەو ئاستە نەگەیشتبایە کە، لە ساڵی ٥٨ دا، زیاتر لە ٨٥ لەسەدی دەنگی خەڵکی کوردستدا وەدەست بهێنێ . بۆیە دەکرێ بڵێین; دەوری سیاسەتگووزاری درووست و

سەرکردەی جەماوەری، کارتێکەرێکی زۆری لەسەر بەربەرین کردنی پێگەی جەماوەری حیزبی دێموکڕات هەبوە .

### قۆناغی سێهەم

قۆناغی سێهەم دوای پاشەکشەی جووڵانەوەی چەکدارانەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و تیرۆری ڕێبەرانی سەرەکی حیزب دووکتوور قاسملوو و دوکتوور شەرەفکەندی دەست پێدەکا . ئەو قۆناغە کە بە سەختترین و دشوارترین قۆناغی ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات دێتە ئەژمار، حیزبی دێموکڕات تووشی جۆرها قەیرانی نێوخۆیی و ڕێبەری و لێکدابڕان دەکا کە، هەموویان بەرهەمی پاشەکشەی جووڵانەوەکە و حیزبەکە و ڕکوودێکی سیاسی بوون کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا دەژیا! پاشەکشە و ڕکوودێکی سیاسی کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ خۆی نەی خووڵقاندبوون، بەڵکوو بەرهەمی سەقامگرتووی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بوو.

لە کارە هەرە باشەکانی کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەو دۆخە دشوارەدا ئەنجامییدا یەکەمیان; وەسەریەک کەوتنەوەی باڵە لێکدابڕاوەکانی حیزب بوو کە، ئەو کارە بوو بە هۆی دڵگەرمی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبو هەموو خەڵکی کوردستان . دووهەم; دەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەموو کات خەباتی پێشمەرگانەی دژی کۆماری ئیسلامی بەڕەوا زانیوە و دەزانێ، بەڵام چوونکە لە ڕووی لۆجستیک و پشتی بەرەی شەڕەوە تێچووی ئەو شێوازە خەباتە لە ئێستادا زۆرە، حیزب لەو قۆناغەدا خەباتی سیاسی- جەماوەری بەرجەستە کردەوە و ئەولەویەتی پێداوە. بێجگە لەوەی ئەو شێوازە لە خەبات دەگەڵ بارودۆخی ئێستای حیزبی دێموکرات دەگوونجێ، خۆیلەخۆییدا پەیوەندی حیزبەکەش لە جاران زیاتر بە کۆمەڵگای کوردەوە گرێ دەداتەوە و، هەروها دەور نەقش دەداتەوە بە جەماوەری کوردستان.

دەگەڵ ئەوەی وەسەریەک خستنەوەی بنەماڵەی دێموکڕات و ڕاگرتنی ئالای حیزبی دێموکڕات لەو قۆناغە دشوارەدا کارێکی گرینگە، بەڵام بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو، کێبەرکێی سیاسی و چالنجە سیاسیەکان، کافی نییە . دەپێشدا بۆ ئەوەی حیزبی دێموکڕات بتوانێ ئەو دەورە بگێڕێ کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی گێڕای، بۆخۆی پێویستە وەک یەکەیێکی سیاسی ئینسجام و وەحدەتی سیاسی پتەوی هەبێ . گووزەر بۆ ئەو قۆناغەش، بەبێ پازدان بەسەر ئاسەواری لێکدابڕان و دەستەبەندییەکانی ڕابردوو سەخت و دشوارە . بۆیە حیزبی دێموکڕات پێویستە یەکێتی و یەکپارچەیی خۆی کە بەرهەمی لە خۆبردوویی و سینگفراوانییە لە نێوخۆییدا وەک بیلبیلەی چاوو بپارێزێ کە، ئەوش ئەو کاتە وەدیدێ کە پێوانە وەفاداری بە حیزب و گەڵ و لێهاتوویی بێ نەک بەسترانەوە بە فەرد! لەوەش گرینگتر لەسەر خەت بوونی حیزبی دێموکڕاتە بەرامبەر بە سیاسەتی کەلان و چارەنووسسازەکان و، سیاسەتگووزاری ڕاست دروست و لە کاتی خۆییدایە. بە واتایێکی دیکە "تحلیل مشخص از اوضاع مشخص ".چوونکە هوونەری حیزبێکی سیاسی پێشڕەوو دەویدایە بەر لەوەی

## بەشی پێنجەم

ڕووداوێکی سیاسی ڕوویدا، پێشتر خوێندنەوەی واقعبینانەی بۆ بکا و، لە سیاسەتدا داهێنەری بکا، نەک وەدوای ڕووداوەکان کەوێ . ئەو دەورەییە لە ڕووی ڕێبەرایەتی کردنی جووڵانەوەکە بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران گەلێک دشوارە، لەلایێک دوو ڕێبەری کاریزماتیکی وەک دوکتوور قاسملوو و شەرەفکەندی لێ تیرۆر کراوە و لەلایێکی دیکەوە، بەشێکی زۆری ڕێبەرانی جەماوەری کە پەیوەندێکی بەربڵاویان دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک هەبوو، یان کۆچی دواییان کردوە، یان بەساڵداچوون و بە کردەوە لە مەیداندا نەماوون . ئەگەر حیزبی دێموکڕات بیهەوێ لە بەرەوودابێ و جڵەوی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی بەدەستەوەبێ، پێویستیە لە هەموو توانا و زەرفییەتەکانی فکری نێووخۆ و دەرەوەی خۆی بۆ سیاسەتگووزاری کەڵک وەرگرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧١٥ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٥ی زایینی

---



